## له هه‌ڵبژاردنی ئه‌مجاریشدا لیستی ڕه‌ش چاوه‌ڕوانمانه

کاتێك ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌کانی کانوونی یه‌که‌می (30-1 ) 2005 ده‌رچوو و پاش چه‌ند مانگێك له لایه‌ن نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانه‌وه ئه‌نجامه‌کانی بینران و هه‌ڵسه‌نگێنران ، وه دواتر هه‌ڵبژاردنی هه‌رچوار پارێزگای هه‌ولێر و سلێمانی و دهۆك و مووسڵ له لیستی ڕه‌شی هه‌ڵبژاردنه‌کاندا له لایه‌ن نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانه‌وه به ره‌سمی دانران ، دڵسۆزانی گه‌لی کورد و هه‌موو ڕۆڵه به وه‌فاکانی گه‌له‌که‌مان له ناخی دڵه‌وه بلاوبوونه‌وه‌ی هه‌واڵی ئه‌م بڕیاره‌یان پێناخۆش بوو ، چوونکه وه‌ك په‌ڵه‌یه‌کی دزێوی ناشارستانیانه بوو که به ناوچاوانی خه‌بات و تێکۆشانی ڕه‌وای گه‌له‌که‌مانه‌وه نرا .

زۆر که‌س پێی وابوو که هه‌ردوو حزبی ده‌سه‌ڵاتدار ، پارتی و یه‌کێتی له هه‌ڵبژاردنی ئاینده‌دا کارێك ده‌که‌ن ، که جارێکی تر هه‌ڵبژاردنه‌کانی کوردستان له لیستی ره‌ش نزیك نه‌بنه‌وه ، چوونکه هه‌ر هه‌موو کارو کرده‌وه نایاسایی و نادیموکراتیه‌کانی پڕۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن له لایه‌ن دام و ده‌زگا حکومی و حزبیه‌کانی ئه‌وانه‌وه به‌ڕێوه‌برابوو . داخه‌که‌م ئه‌وه‌ی له هه‌ڵبژاردنی ئه‌مجاره‌دا بینیمان ، نیشانی‌دا که ئه‌م دوو حزبه و ده‌ست و پێوه‌نده‌کانیان گۆڕنکاری و وه‌رچه‌رخانی دیموکراسیانه نه‌ك هه‌ر له به‌رنامه‌یاندا نیه ، به‌ڵکوو له‌وه ناچێت بیریشیان لێکردبێته‌وه . کرده‌وه‌کانی پێش پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن و کاتی هه‌ڵبژاردن و دوای ته‌واو بوونی پڕۆسه‌که‌ش ئه‌وه‌ی سه‌لماند که ئه‌م دوو هێزه نه‌ك هه‌ر پێوانه و بنه‌ماکانی هه‌ڵبژاردن په‌یڕه‌و ناکه‌ن ، به‌ڵکو ئه‌وه‌شی که‌بیری لێناکه‌نه‌وه به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی کورده ، وه ته‌نها شتێك که بیری ئه‌وانی خه‌ریك کردووه ته‌نها و ته‌نها به‌رژه‌وه‌ندی ته‌سکی حزبایه‌تی و چه‌مکی ده‌سه‌ڵاتخوازیه . بۆیه نه‌ك به‌رنامه و کاریان له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ساخته‌کاری و سه‌رپێچی نه‌بوو ، به‌ڵکوو په‌نایان بۆ کاری دڕندانه‌تر و فراوانتر و پێچاوپێچتر برد ، له پێناوی هێشتنه‌وه و فراوانکردنی ده‌سه‌ڵاتی خۆیاندا ، ڕێگه‌یان خۆشکرد تا جارێکی تر هه‌ڵبژاردنی کوردستان دووچاری ئه‌گه‌ری لیستی ڕه‌ش ببێته‌وه .

پێش ده‌ستپێکرنی پڕۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن و له گه‌رمه‌ی هه‌ڵمه‌ته‌که‌دا ، هه‌ردوو حزبی ده‌سه‌ڵاتخواز به‌رنامه‌یان دانا که چۆن له بنکه‌و باره‌گاکانی یه‌کگرتووی ئیسلامی کوردستان بده‌ن ، تا ژماره‌یه‌ك کادری چالاك و هه‌ڵسووڕاویان له ناو ببه‌ن و جه‌ماوه‌ره‌که‌یان بترسێنن و ده‌نگی که‌م به‌ده‌ست بهێنن ، وه له‌م ڕێگه‌یه‌شه‌وه جه‌ماوه‌ری لیسته‌کانی تر زاڵه‌تره‌ك بکه‌ن ، بۆ ئه‌وه‌ی ته‌نها خۆیان له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا براوه بن .

ئه‌مه نه‌ك هه‌ر پێشێلکاری بنه‌ماکانی هه‌ڵمه‌تی هه‌ڵبژاردن و ژێرپێخستنی یاساکانی کومسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه ، به لکوو له هه‌مان کاتدا به کرده‌وه‌یه‌کی تیرۆرستی له قه‌ڵه‌م ئه‌درێت و بۆ ئاینده‌ی کورد زیانێکی گه‌وره‌ی لێده‌که‌وێته‌وه . ئه‌ندامه‌کانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ده‌زگاکانی حکومه‌تی سه‌ر به‌و حزبه ، به‌وپه‌ڕی ساده‌یی و نه‌فامیه‌وه له سنووری ده‌سه‌ڵاتی خۆیاندا له 6-12- ئه‌م کاره دزێوه‌یان ئه‌نجامدا و هه‌ڵه‌یه‌کی گه‌وریان بۆ حزب و حکومه‌ته‌که‌یان تۆمارکردوو ، له‌که‌یه‌کی ڕه‌شیشیان به ناوچه‌وانی ئه‌زموونه‌که‌ی باشوری کوردستان و گه‌لی کورده‌وه نا . هه‌رچی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستانی وه‌ستای فێڵ و فریودانیش بوو به زه‌ق و ڕه‌قی ئه‌رکه‌که‌ی خۆی له دژی یه‌کگرتووی ئیسلامی ئه‌نجام نه‌دا ، به چه‌ندان سووکه هه‌ڕه‌شه و هه‌ڵکوتانه سه‌ر ماڵی هه‌ندێ له کاندیده‌کان و ته‌قه کردن له هه‌ندێ له باره‌گاکانیان به ناوی چه‌کداری نه‌ناسراوه‌وه ، خۆی له‌و ته‌ڵه‌یه لادا که بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی نابوویه‌وه ، ئێسته مزایه‌ده به سه‌ر پارتیدا ده‌کات و ده‌ڵێت یه‌کێتی له پارتی دیموکرات تره .

ڕۆژی 9-12-2005 له دوای ڕووداوی لافته دڕاندنی نێوان لایه‌نگرانی لیستی 730 و لیستی 779 له ناوچه‌ی پردی زه‌ڵم له نێوان هه‌ڵه‌بجه و سه‌یدسادقدا (لیستی 730 دووجار پۆسته‌ری لیستی 779 دڕاندبوو، لیستی 779 له وه‌ڵامی ئه‌و کرداره‌ی لایه‌نگرانی لیستی 730 لافته‌یه‌کی ئه‌وانی گڕتێبه‌ردابوو) .سه‌رانی فێلبازی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان بۆسه‌یه‌کی وه‌ستایانه‌یان بۆ من(دکتور فایق ) نابوویه‌وه که له چه‌ند بڕگه‌یه‌ك پێکهاتبوو ، بۆ ئه‌وه‌ی دووچاری هه‌ڵه‌یه‌کی گه‌وره‌م بکه‌ن و به شێوه‌یه‌کی سیاسانه بمکوژن :

1.هێزه‌کانی ئاسایشیان ئاگادارکردبوویه‌وه ، کاتێك من به‌ره‌و سلێمانی ده‌گه‌ڕێمه‌وه له خاڵی پشکنینی سه‌ید سادق بمگرن و سووکایه‌تیم پێبکه‌ن ، ئه‌گه‌ر وه‌ڵامیشم دانه‌وه ته‌قه‌م لێبکه‌ن ، به‌ڵام خۆشبه‌ختانه ، به‌رپرسه‌کانی ئاسایش ،( پێشمه‌رگه کۆنه برێنداره‌کانی جارانی خۆم ) به گوێیان ناکه‌ن و کاره‌که یان والێکرد که له پرسگه‌ی عه‌ربه‌تدا داوای پێناسیان لێکردم و منیش به ئاسایی وه‌رمگرت و پێناسه‌که‌م دانێ و به ڕێیانکردین و ته‌ڵه‌که‌ی سه‌رانی ی.ن.ك فش بوویه‌وه .

2.هه‌واڵێکیان هه‌ڵبه‌ستبوو که گوایه من به خۆم لافته‌ی لیستی 730 م دڕاندووه و وتتوومه به ئاره‌زوو ده‌یدڕێنم ، له لایه‌که‌وه ئه‌م هه‌واڵه‌یان دابوویه کومسیۆنی باڵا ، به‌ڵام نوێنه‌ری لیستی 730 له کومسیۆنی ب الای پارێزگای سلێمانی که خۆی له سه‌ر بابه‌ته‌که لێکۆڵینه‌وه‌ی کردبوو بۆیده‌رکه‌وتبو که من ئه‌و کاره‌م ئه‌نجامنه‌داوه ، بۆیه شێوه‌ی شکاته‌که‌ی ڕاستکردبوویه‌وه و وا پێشکه‌شی کردبوو که ئه‌و کاره له لایه‌ن یه‌ك له پاسه‌وانه‌کانی منه‌وه ئه‌نجامدراوه .

3. هه‌مان هه‌واڵیان بۆ که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندنی خۆیان ناردبوو تا به چه‌وواشه‌کاری له دژی من بڵاوی بکه‌نه‌وه ، به‌ڵام سه‌رانی نووستووی ناو یه‌کێتی نازانن هه‌واڵی هه‌ڵبه‌ستراو چه‌ند له سه‌ر که‌سێتی ڕاگه‌یاندن ده‌که‌وێت و چۆن له ڕووی جه‌ماوه‌ریه‌وه سزاده‌درێن . بۆیه که‌ناڵی کوردسات ژیرانه پێوه‌ندیان به خۆمه‌وه کردوو له هه‌واڵه‌که‌یان کۆڵیه‌وه ، که وه‌ڵامم دانه‌وه ، گه‌یشتنه ئه‌و قه‌ناعه‌ته وا باشتره ئه‌م هه‌واڵه بڵاو نه‌که‌نه‌وه .

4.ڕۆژی 11-12- 2005 کاتێك لە هەڵبجەی شەهید گەڕامەوە ، لە نێوان هەڵبجەو سیرواندا چەند جارێك سەیارەیەکی مۆنیکای بیٚ ژمارە پێش و پاشی گرتین و لایتی فوولی بۆ لێداین بۆ ئەوەی بوەستین ، من تەنها یەك پاسەوانم لەگەڵ بوو بە ناوی مەریوان چەندجار پێیوتم با بوەستین بزانین ئەو سەیارەیە بۆ وا سووکایەتیمان پێدەکات ، رازینەبووم چونکە خۆم لە بەرنامەکەیان تێگەیشتبووم ، بەرنامەیان ئەوە بوو ئێمە بوەستین و ناخۆشی لە نێوانماندا ڕووبدات و کێشەیەك بۆ من درووست بکەن و لە ڕووی سیاسیەوە زیانم لێبدەن .

5.بەم شێوەیە من هەموو تەڵەکانی سەرانی یەکێتی م بە خۆیاندا تەقاندەوە ، بێجگە لە تەڵە تەنەکەیەکەی مەلا بەختیار کە گۆمانی زۆر هەیە هەر ئەو خاوەنی ئەو هەموو داوانە بێت کە بۆ من دانراون و سەری نەگرت ، چوونکە ئەو واتە مەلا بەختیار لە ناو یەکێتیدا بەرپرسی بەشی تیرۆری فکرە ، مەلا کە خۆی بەرپرسی لاپەڕە ، یەکی هەفتەنامەی چاودێرە بە چەند دێڕێکی زەرد لەژمارە 57 دا خۆی گێڤکردبوویەوە لە سەر بنەمای درۆبکە درۆبکە....... تا خەڵك بڕوات پێبکات هەواڵێکی نادرووستی لە سەر من بڵاوکردبوویەوە ،منیش لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە 253 وەڵامم دایەوە .

*.خاڵێکی تر کە جێی سەرنج و پرسیاری هەموو خەڵکە ئەوەیە کە ئاخۆ ، ئەو سەربازانەی ڕۆژنی 12-12- لە بنکەی تایبەت دەنگیاندا ، چ گەرەنتیەك هەیە کە لە ڕۆژی 15-12- دەنگ نەدەنەوە ،.

*کەم بوونی پسووڵەی دەنگدان لە سندووقەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر ، هۆکارەکەی هەرچی بێت دەسەڵاتی هەولێر لیٚ بەرپرسیارە ، حزبیەکانی سەر بە دەسەڵات هەر لە بەیانی زووەووە لە گەڵ بەرپرسانی سەر سندووقەکان ڕێکەوتوون تا لە باتی هاوڵاتیان دەنگ بۆ لیستی 730 بدەن ، بەم شێوەیە دەیان هەزار هاوڵاتی لە مافی هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان بێبەش کران .ئەمش یەك لە پێشێلکاریەکانی بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازادە کە بە شێوەیەکی وەستایانە بەڕێوە چوو .

*. پڕۆپاگەندەی ژەهراوی : لە هیچ وڵاتێکدا نەبینراوە و نەبیستراوە لایەنە ڕکەبەرەکانی ناو گەمەی هەڵبژاردن یەکدی بە تۆمەتی خائین و بیژی تاوانبار بکەن ، لە هەڵبژاردنی شارە عەرەبیەکانی عێراقدا ئەم دەستەواژانەمان بەرگویٚ نەکەوت ، کەچی لێرە ڕاگەیاندنی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار گوێیان پڕکردین لە جۆرەها وشە و دەستەواژەی وەك حزبی نامۆ و خائین و زۆڵ ...ئەمەش دیاردەیەکە پێچەوانەی بنەماکانی هەڵبژاردن و یاساکانی کومسیۆنی باڵای هەڵبژاردنە .

*. لە شاری سلێمانی لە دوای سەعات 5 ماوەی دەنگدان بۆ سەعاتێکی تر درێژکرایەوە ، ئەمە بۆ ئەوەبوو حزبی دەسەڵاتدار خۆی لە دەنگدانی ساختەدا تێر بکات ، دیار بوو بە درێژایی ئەو ڕۆژە وەك پێویست لەزەتی لە ساختەکاری نەبردبوو .

*.لە باتاس ی نزیك هەریر چاودێرانی سەر بە حزبی دەسەڵاتدار بە بەرچاوی نوێنەری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانەوە (سیروان ) بیٚ شەرمانە دەنگەکانی لیستی 779 ی سووتاندووە.

*.لە قوتابخانەی هەردی 2 لە شاری کەرکوك ، چاودێرانی سەر بە حزبی دەسەڵاتدار هەڕەشەی فڕاندن و ونکردنیان لە چاودێری پارتی چارەسەری دیموکرات (فەرهاد ) کردووە ئەگەر ڕێگەی تەزویر کردنیان لێبگرێت .

*. دەنگوو باسێکمان لە شاری کۆیە پێگەیشت کە لیستی 779( 350 ) سیٚ سەدوو پەنجا دەنگی بە دەستهێناوە بەڵام لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە سووتێنراوە .

*.لە سەنگەسەر حزبی دەسەڵاتداری سلێمانی هەڕەشەی لە 3 سیٚ چاودێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کردووە لە بەر ئەوەی بوونەتە چاودێری ئەو حزبە لە کارەکنتان دەرتاندەکەین ، ناوی هەڕەشە لێکراوەکان (یەعقوب ، مەولود ، قادر) .

*.لە شاری هەولێر 10000 دە هەزار دەنگ سووتێنراون ، دەنگووباسیش هەیە کە پ.چ.د.ك نزیکەی 500 دەنگی هێنابێت ، ئەمە لە کاتێکدا کە پ.چ.د.ك لە هەڵبژاردنی 30-1-2005 دا تەنها لە شاری هەولێر 3700 سیٚ هەزار و حەوتسەد دەنگی هەبوو .ئاشکرایە کە پ.چ.د.ك لە ماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا گەشەی کردووە ، دەبوایە لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی زیاتری بهێنایە ، کەوابوو ئەگەری زۆر هەیە ئەو دەنگە سووتاوانە دەنگی ئێمە بووبێت . هەرواشە چوونکە لە کاتی ڕیفراندۆمی ڕەشنووسی دەستووری عێراقدا مامۆستا گۆرانی بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێی وتم ئەگەر ئێوە وەك پ.چ.د.ك بەڵیٚ بۆ ڕەشنووسی دەستوور نەکەن چالاکی حزبی و سیاسیتان زۆر سنووردار دەکەین .

*.هێشتا بە تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەرنەچووە ، ڕاگەیاندنی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ناو لیستی 730 کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی ژمارەی دەنگی لیستەکان بە ئارەزووی خۆیان ، ژمارەی زۆر کەم بۆ لیستی 779 دائەنێن ، ئەم کارەی ئەوان دوو بەرنامەی لە پشتەوەیە یەکەم هەوڵدانە بۆ ڕووخاندنی مەعنەویاتی کەسێتی دۆست و لایەنگرانمان (بۆ ئەمەیان خەیاڵیان خاوە). دووەم هەوڵدانە بۆ ئەوەی وا لە کومسیۆنی باڵا بکەن ئەو دەنگە کەمانە بۆ ئێمە دابنێن ، بۆ ئەمەش مەسەلەیك نیە چوونکە ئێمە لایەنێکی دەسەڵاتخواز نین .

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

2005-12-17